# خەڵكی عێراق نابێت مل بدەن بە حكومەتی عەسكەری ئەمەریكا !

سامان كەریم

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ڕژیمی بەعس بەر ئەنەجامی جەنگی ئەمەریكا بۆ سەر عێراق داڕماو و شاری بەغداد كەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزە سەربازیەكانی ئەمەریكاوە، بەم پێ‌یەش دەسەڵاتداری دیكتاتۆرانەی ڕژێمی بەعس كوتایی پێدێت. بەڵام كۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ڕەشی ڕژێم، لەگەڵ خۆیدا داگیركاری‌و ملهوڕی ئەمەریكای هێنایە عێراق‌و ناوچەكەوە، كە كاریگەرییەكانی سایە دەكاتە سەر هاوسەنگی‌یە سیاسییە نێونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌یەكان‌و جەماوەری عێراقیشی دەرگیركردوە لەگەڵ حكومەتێكی سەربازی داگیركەر یان حكومەتێكی گوێ لەمشتی ئەمەریكا. ئەم ئالوگۆڕە بەزۆرەی حكومەتی بەعس لە لایەن ئەمەریكاوە، هەنگاوێكی گەورەیە لە پێناو باڵادەستی سیاسی جیهانی خۆی‌و كەنار خستنی وولاّتانی زلهیزی دنیا لە هاوكێشە سیاسی‌یەكانداو كایەكردن بە دیاریكردنی چارەنوسی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەپێی بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌و ئابوری‌یەكانی.

هەموو ئینسانێكی ئازادیخواز، ئاواتە خوازی ڕوخاندنی حكومەتی دیكتاتۆری و كیمیایی ڕێژو ئەنفالگەر بەعس بوو، هەروەك خەڵكی مەحروم‌و ستەمدیدەی عێراقیش لە شاری بەغدادو شارەكانی تری عێراق خۆشحالیان لە ڕوخاندنی ئەم حكومەتە هارە كرد دەربری. بەلاّم پێشوازی‌و خۆشحالی خەڵكی عێراق لە روخاندنی دیكتاتۆریەتی " صدام" نەك هیچ حەقانیەتێك ناداتە دەست سیاسەتی شەرخوازنەو ملهوری سەربازی حكومەتی ئەمەریكا لە پێناو مەرامە سیاسییەكانی خۆیدا، كە بەكاولكردنی ژێر بینایی ئابوری عێراق‌و كوشتن‌و بریندارۆبونی هەزارەها منداڵ‌و ژن‌و پیاوی مەدەنی عێراق كوتایی پی‌هات، بەڵكو خەڵكی عێراق نەفرەت دەكات لە دەسەلاّتێك كە بەزۆری چەك‌و ساروخ‌و فڕۆكە، ئەمەریكا دەیەوێت بیسەپێنێت بەسەریداو بەمپی‌یەش ئیرادەو ویستی خەڵكی عێراق لە پێناو دیاریكردنی چارەنوسی سیاسی خۆیدا وردو خاش بكات‌و حكومەتێكی دكتاتۆری گوێ لەمشتی خۆی بكاتە كوێخای خەڵكی عێراق، لە ژێر پەردەو بیانوی جۆراوجۆردا. چارەنوسی سیاسی خەلكی عێراق حەتمی نی‌یە لەنێوان حكومەتی دیكتاتۆری صدام حسینی ڕوخاوو حكومەتی عەسكەری ئەمەریكادا، ڕێگای دروست‌و ئینسانی دیاریكردنی حكومەتێكە لەلایەن خەڵكی عێراق خۆیانەوە.

حكومەتی بەعس ڕوخا، بەلاّم داگیركردنی عێراق‌و سیاسەتە كۆنەپەرست‌و ملهوڕی‌یەكانی ئەمەریكا لە فەرزركردنی حكومەتێكی جێگا نیازی خۆی جەماوەری مەحروم‌و ستەمدیدەی عێراق لە بە رامبەر دوڕیانێكدا داناوە، یان ملدان بە سیاسەت‌و ئەلتەرناتیڤەكانی ئەمەریكا و بەم پی‌یەش ملدان بەحكومەتی جەنەڕالەكان، كە هیچ پەیوەندییەكی نی‌یەو نابێت بە بەرژەوەندی‌و خواست‌و ویستەكانی خەلكی عێراقەوە، بەلكو حكومەتی سەركوت‌و بەرێكردنی سەروەت‌و سامانی خەڵكیعێراق دەبێت بۆ ئاغاكانی لە ئەمەریكا، تەنانەت فاتورەی جەنگەكەشی لیوەردەگریتەوەو تەجروبەی جەنگەكەشی بە ڕۆشنی هەموو پڕوپاگەندەكانی لە " دیموكراسی و مافی مرۆڤو ئازادی بۆ عێراق" مایە پوچ هێشتەوە، یان پێویستە خەڵكی عێراق لە بەرامبەر ملهوڕی سەربازی ئەمەریكاو حكومەتێك كە دەیەوێت جێنشینی بكات، ڕابوەستن‌و لە پیناو هێنانە سەركاری حكومەتێكدا خەباتی خۆیان یەككگرتوو رێكخراوبكەن كە بتوانێت ئامانجە سیاسییە گلاوەكانی ئەمەریكا بەركەناربخات‌و حكومەتێكی جێگا نیازی خۆیان وبەپێی ئیرادەی ئازادانەی خۆیان دابمەزرێنن.

بۆئەمەش پێویستە خەلكی عێراق خەباتی خۆیان یەككگرتوو رێكخراو بكەن بەدەوری خواستەكانی وەك هیزەكانی ئەمەریكاو بەریتاینا بەفەوری عێراق بەجێبهێڵن، حەساری ئابوری لە سەر عێراق بی‌قەیدو شەرت

لابریێت، بەتایبەت هیچ بیانویەك بۆ ئەمەریكاش لەمبارەوە نەماوەتەوە، پێویستە تەواوی دامودەزگا سەركوتكەرەكانی حكومەتی بەعس لە سوپاو ئەمنو ئیستخبارات هەلبوەشێتەوەو لە ژێر هیچ ناوێكدا ئیصلاحو تازە نەكرێتەوە، زەمینەیەكی ئازادانە فەراهەم بكرێت بۆ ئەوەی خەڵكی عێراق بتوانن لە ڕێگای ریفراندۆمێكەوە دەنگدبدەن بە ئەلتەرناتیڤی سیاسی خۆیان، دەسەلاتێك كە لایەنی كەم خواستەكانی خۆیان لە جیایی دین لەدەولەتو پەروەردەو فیركردن، ئازادی دینداریو بێدینی، فەراهەمكردنی ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی لە مانگرتنو خۆپیشاندانو بیروراو پیكهێنانی ئەحزابی سیاسیو یەكسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو، دەركردنی یاسایەكی تایبەت بۆ خەڵكی كوردستان كەتیایدا بەرەسمی رابگەیەنێت، كە ریفراندومێكی گشتی وئازادانە بۆ خەلكی كوردستان لەماوەی ٦ مانگی دواتردا بەرەسمی دەناسێت كە تیایدا خەلكی كوردستان دەنگ بدەن بۆ مانەوە لە چوارچێوەی دەولەتی عێراق یان جیابونەوەی كوردستان و پیكهێنانی دەولەتێكی سەربەخۆ تیایدا.

zaryak@yahoo. com
٢٠٠٣/٤/١٠

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لەناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.